**ئامادەکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە کارگەکانی ئاسن و خاوەن گۆڕەپانەکانی کۆکردنەوەی پارچەی سیکراب:**

**ڕێکارەکان:**

**یەکەم: ئامانج**

دامەزراندنی میکانیزمێکی یەکگرتوو و سەلامەت بۆ کۆکردنەوە و پشکنین و گواستنەوەی پاشماوەکانی سیکراب بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو پاشماوانە دوور بێت لە تەقەمەنی و پیسبوونی تیشکدەر پێش ئەوەی بچێتە ناو کارگەکانەوە.

**دووەم: مەودای کارکردن**

**ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:**

- خاوەن سکرابەکان.
- گۆڕەپانی کۆکردنەوە.
- خاوەن کارگەکان کە سکرابەکان وەردەگرن.
- لایەنە چاودێرە پەیوەندارەکان.

**سێیەم: بەرپرسیارێتی**

- خاوەن سکرابەکان: بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە پێویستەکان بۆ سکراب و دڵنیابوون لە هەڵگرتنی پاشماوەی پیسبوو بەشێوەیەکی زانستی و دروست.
- خاوەن کارگەکان: بەرپرسیارن لە پشتڕاستکردنەوەی بروانامەی پاک لە پاشماوەی تیشکدەر( شهادة الخلو من الاشعاع) و ئەنجامدانی پشکنینی تیشکی پێشوەختە پێش ئەوەی بارەکان بچنە ناو کارگەکانەوە.
- دەسەڵاتە چاودێرییە پەیوەندیدارەکان: بەرپرسیارن لە سەرپەرشتیکردن، وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان، و چاودێریکردنی ڕاددەی پابەندبوونیان.

**چوارەم :**

١. دیاریکردنی گۆڕەپانی تایبەت و پەسەندکراو بۆ کۆکردنەوەی سیکراب.

٢. وەرگرتنی سیکرابەکان لە گۆڕەپانەکانی کۆکردنەوەی سکراب.

٣.هیچ پارچەیەکی سیکراب ناهێندرێتە گۆڕەپانی کۆکردنەوەی سکراب بەبێ ئەنجامدانی ئەم پشکنینانەی خوارەوە:

- پشکنینی تایبەت بە پاشماوەی تەقەمەنی لە ناو پارچەی سیکراب.
- پشکنین بۆ پاشماوەی تیشکدەر لە ناو پارچەی سیکراب.

**پابەندییەکانی خاوەن گۆڕەپانی سیکراب:**

١. ئەنجامدانی پشکنینی پاشماوەی تەقەمەنی وەک هەنگاوی یەکەم.

٢. ئەنجامدانی پشکنینی پاشماوەی تیشکی دوای دەرچوون لە پشکنینی تەقەمەنی.

٣. پێشکەشکردنی داواکارییەکی فەرمی بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی نەبوونی  پاشماوەی تیشکدەر ) شهادة الخلو الاشعاعي).

٤. پڕکردنەوەی فۆڕمی ئامادەکراو  بۆ ئەم مەبەستە، کە وردەکارییەکانی پاشماوەی ئاسنی (سیکراب) لەخۆدەگرێت کە دەبێت بپشکنرێت.

٥. دیاریکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە و بەکارهێنەرانی کۆتایی باری سیکراب  (دیاریکردنی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵا.)

٦. بڵاوکردنەوەی سیکرابەکە لە ناوچەیەکی گونجاو کە بەرزییەکەی  لە (١,٥)مەتر و نیوێک زیاتر نەبێت، ئەمە جگە لە دابینکردنی ڕێڕەو لە ناو پارچەکانی سیکرابدا بە ئامانجی گەیشتن بە هەموو خاڵەکانی سیکراب   بە مەبەستی ئەنجامدانی پێوانەکردنی تیشک بۆ پارچە سیکرابەکان.

٧. پێشکەشکردنی بڕوانامەی تایبەت کە کۆگاکە دوورە لە هەر جۆرە تەقەمەنییەکی نەتەقیوو، موشەک، کەرەستەی تەقینەوە، یان هەر پاشماوەیەکی سەربازی.

 ٨. لە ئەگەری دۆزینەوەی پاشماوەی پیسبووی تیشکدەر، خاوەن گۆڕەپانی سیکراب بەرپرسیارە لە دابینکردنی شوێنی کەرەنتینەی کاتی بۆ پاشماوە پیسبووەکان و، دابینکردنی ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنیان ودڵنیابوون لەوەی کە بەکارنەهێنرێت.

٩. پابەندبوونی خاوەن گۆڕەپان و شوێنی کۆکردنەوەی پاشماوەی سیکراب کە ڕۆژانە کار بکەن بە جیاکردنەوەی ئەو پاشماوانەی  پشکنراوان و بڕوانامەی نەبوونی تیشکدەریان پێدراوە لەو پارچە سکرابانەی کە دەگاتە ئەم گۆڕەپانانە تاکو تیمی دەستەی ژینگە پشکنینی بۆ دەکەن.

١٠. خاوەنی پارچەی سیکراب دەبێت بەڵێننامە پڕبکاتەوە لە بەشی یاسایی دەستەی ژینگە کە ئەو پاشماوە پیسبووانەی لە کاتی ڕووپێوی تیشکدا دۆزراونەتەوە فڕێ نەدات، بەڵکو دەبێت خاوەنی سیکرابەکان پاشماوەی پیسبوو بە تیشک  بگوازنەوە بۆ شوێنی هەڵگرتنی تایبەت.

١١. خاوەن سیکرابەکان دەبێت بەڵێنامە پڕبکەنەوە لە بە بەشی یاسایی دەستەی ژینگە کە هیچ پاشماوەیەک زیاد نەکەن بۆ بارەکانیان لەکاتی گواستنەوە بە کە پشکنینی بۆ نەکرابێت، بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن لەرووی یاساییەوە.

١٢. یەک جار بڕوانامە دەدرێت بە خاوەن سیکرابەکان بۆ هەر  حاڵەتێک پێویستە کۆپی ئەسڵی بگەڕێندرێتەوە  بۆ دەستەی ژینگە دوای تەواوکردنی هەموو ئەو ڕێکارانەی کە بۆی دیاریکراوە، دواتر پووچەڵ دەکرێتەوە، خاوەن سیکراب ناتوانێت لە یەک جار زیاتر ئەم بڕوانامە بەکاربهێنێت بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت لەرووی یاساییەوە.

١٣. تیمی دەستەی ژینگە سەردانی لەناکاو ئەنجامدەدات بۆ مەبەستی پشکنین بۆ شوێنەکانی کۆکردنەوەی پارچەی سیکراب کە پشکنینیان بۆ کراوە و بڕوانامەی خاڵی بوون لە پآشماوەی  تیشکدەریان پێدراوە، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی خاوەنەکەی کە هیچ پاشماوەیەکی نوێی بۆ پاشماوەی پشکنینکراو زیادنەکردووە.

**ئەرکەکانی خاوەن کارگەکان**

١.  پابەند دەبن بە وەرنەگرتنی ئەو پارچە سیکرابانەی کە بڕوانامەی خالی بوون لە تیشکییان نیە لەلایەن دەستەی ژینگەوە.

٢. دابینکردنی دەروازەی پشکنینی تیشکدەر  لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی کارگە بۆ پشکنینی هەموو بارێکی هاتوو، هەروەها پێشکەشکردنی بڕوانامەی قەبارەدانانی ئامێرەکە (المعايرة) و چاککردنەوەی ئامێرەکە (صيانة.)

٣. ئەگەر بارەکە پاک بوو، ڕێگای پێدەدرێت بچێتە ژوورەوە.

٤. ئەگەر بارەکە پیس بوو، چاودێری ژینگە دەبێت دەستبەجێ دەستەی ژینگە ئاگادار بکاتەوە.

٥. دانانی دەروازەی پشکنینی زیادە پێش گەیشتنی پارچەکان بە کورەی توانەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پاشماوەکە دوورە لە هەر پیسبوونێکی تیشکدەر.

٦. پێدانی زانیاری پێویست (ناوی سیانی، تابلۆی ئۆتۆمبێل، ژمارەی مۆبایل) بە دەستەی ژینگە لە بارەی ئەو کەسەی کە کاری گواستنەوەی پاشماوەکەی کردووەو لەکاتی پشکنیندا دەرکەوتووە کە پارچەی پیسبووی بە تیشکی تیدایە، لە رێگای ئامێری دۆزەرەوەی دەروازەکاندا دەرکەوتووە کە پاشماوەی تیشکدەری تێدایە.

٧. پێدانی زانیاری بە دەستەی ژینگە سەبارەت بەبڕی ئەو سیکرابانەی کە دەچێتە ناو کارگەکەوەو بڕوانامەی خاڵی بوون لە تیشکیان بەدەستهێناوە.

**ڕێکارەکانی دۆزینەوەی پاشماوەی تیشکدەر:**

١. تۆمارکردنی ژمارەی بارهەڵگرەکان کەوا پارچەی سیکراپی تێدا گواستراوەتەوە.

٢. تۆمارکردنی ناوی ئەو بازرگانەی بەرپرسیارە لە بارکردنی پارچەی سیکراب.

٣. دیاریکردنی ئەو شوێنەی کە پاشماوەکەی لێیەوە گواستراوەتەوە.

٤. دڵنیابوون لە کێشی بارەکە کە بەتەواوی بەتاڵکراوە.

پاشماوەی تیشکدەر لە شوێنێکدا جیا بکرێتەوە کە هیچ چالاکییەکی تێدا نەبێت بە ئامانجی دابینکردنی کۆگایەکی هەڵگرتنی کاتی کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکان و ڕێنمایی کاژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ بگونجێت.

٥. دانانی هێمای ئاگادارکردنەوە لە شوێنی کۆکردنەوەی پاشماوەی تیشکدەر کە هۆشداری دەدات لە بوونی ئەم پاشماوە مەترسیدارانە.

٦. هەموو نزیکبوونەوەیەک لەپاشماوەی تیشکدەر قەدەغەیە دەبێت، تەنها لەلایەن فەرمانبەرانی پاراستنی تیشکەوە نەبێت.

**مامەڵەکردن لەگەڵ باروودۆخی لەناکاودا:**

١. کاتێک کەلوپەلی پیسبوو لە پشکنیندا دەدۆزرێتەوە، دەبێت دەستبەجێ لەلایەن چاودێری ژینگە یان فەرمانبەری پاراستنی تیشکەوە دەستەی ژینگە ئاگادار بکرێتەوە.

٢. خاوەنی سیکراب پابەند دەبێت بە هەڵگرتن و لابردنی پاشماوەی پیسبووی تیشکدەر لەسەر ئەستۆی خۆی.

٣. دامەزراندنی شوێنی هەڵگرتنی یان کەرەنتینکرنی سەلامەت لە گۆڕەپانەکانی کۆکردنەوەی سیکراب دەبێت و لەسەر ئەستۆ و تێچوو خاوەنی سکرابەکە.

٤. گواستنەوەی ئەو پارچانەی کە بە ماددەی تیشکدەرەوە پیسبوون بۆ شوێنێکی هەڵگرتنی کاتی کە دیاریکراوە بۆ کەرەنتینکردنی بەشێوەی سەلامەت.

| | |
|---|---|
| **نیان کامران مولود** | **احمد محمد مولود** |
| **ب. بەشی تیشک** | **ب . نوسینگەی سەرۆکی دەستە** |